IOM
وكالة الأمم المتحدة للهجرة

# بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان لە عێراق دا:
# **کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک و ئاسایشی ئابوری**



دەربارەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

زانیارییەکانی نێو ئەم ڕاپۆرتە تەنیا بۆ مەبەستی زانیاری گشتییە. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن.

ئەو دید و بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. تا بۆی بکرێت ڕێکخراوی (IOM) هەوڵدەدات کە زانیارییەکان ڕاست و دروست بن، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش نە بە دەربڕین نە بە واگەیاندن ناکات کە ئەو زانیاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا بەردەستن تەواو و دروست و گونجاون.

© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

هەموو مافێک پارێزراوە. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ موڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

پێرست


**پێشەکی** ٤

بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان ٤

شەڕو ململانێ، کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و تێکەڵاوبوونەوە ٤

شیکاری تەواوکاری ٥

ئامانجەکان و پێکهاتەی ڕاپۆرت ٥

**ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرت** ٦

ڕێبازی توێژینەوە ٦

هەڵبژاردنی دیارخەر ٦

سنوور و مەوداکان ٧

**ژینگە و دۆخ: گەڕانەوەکان و تێکەڵاوبوونەوە** ٨

ڕێژەکانی گەڕانەوە ٩

خواست و ویستی جوڵە و ڕەوتی گەڕاوان ١٠

کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و جموجۆڵەکانی گەڕانەوە ١٠

**شیکاری: ئاڵنگارییەکانی دەستگەیشتن بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری وەکو بەربەرستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوە** ١١

کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنەسەرکار ١١

ئاسایشی ئابوری ١٧

**کۆتایی** ٢٠

پوختەی دەرئەنجامەکان ٢٠

ڕاسپاردەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی زانیارییەکان ٢١

**پاشکۆ: پوختە- کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری، ٢٠٢٠ بەرانبەر ٢٠٢١** ٢٢

# پێشەکی

لە نێوان ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ دا بەهۆی شەڕوململانێ لەگەڵ داعش دا ( ١,٠٢٩,١٠٢ ) خێزانی عێراقی ئاوارەبوون (٦,١٣٨,٧٨٨ کەس)[٢،١]. ئەم خێزانانەش لە هەشت پارێزگای باکور و ناوەڕاستی عێراق ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت. لە سەرانسەری هەر ١٨ پارێزگای عێراق دا بەدوای سەلامەتیدا دەگەڕان. تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، (٨٢٥,٣٧٢) خێزان، کە دەکاتە لە٨٠٪ ئەوانەی کە بەهۆی قەیرانی داعشەوە ئاوارەبوون، گەڕاونەتەوە ناوچەکانی زێدیان[٤،٣]. ئەو ( ٢٠٣,٧٠٣) خێزانەی کە لەئاوارەیی ماونەتەوە، زۆربەیان لە پارێزگاکانی نەینەوان بە (٢١٪)، دهۆک بە (٢٢٪) و هەولێر بە (١٩٪)ن.[٥]

لە ٢٠٢٢ دا، بەدەمەوەهاتنی عێراق گۆڕانی بەرەوە گەشەسەندن دروستکرد و جەخت و فۆکەسی خستە سەر چارەسەرە هەمیشەییەکان و پاڵپشتیکردنی خێزانە گەڕاوەکان بۆ تێکەڵاوبوونەوەیان لەناوچەکانی زێدی خۆیان.[٦] ئاڵنگارییەکانی دەستگەیشتن بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری هەندێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان نیشاندەدەن لەسەرانسەری وڵاتدا.

## بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان

لەشوباتی ٢٠٢١ دا، ڕاپرسی وراوەرگرتنی کۆمەڵایەتی وگروپی کاری گەڕانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق ڕاپۆرتێکیان لەژێرناوی جارێکی دیکە گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵ ئامادەکرد.[٧] ڕاپۆرتەکە شیکاری بۆ بەردەوامیەتی تێکەڵاوبوونەوەی ئەو خێزانە عێراقیانە کرد کە دوای ئاوارەبوون بەهۆی شەڕو ململانێی داعشەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە.[٨] هاوتەریب لەگەڵ ئەو چوارچێوە کارەی کە لەلایەن گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران (EGRIS)ی چارەسەرە هەمیشەییەکانەوە ئامادەکراوە، ڕاپۆرتەکە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە تا چ ڕاددەیەک تێکەڵاوبوونەوەی بەردەوام و هەمیشەیی لە پێنج شوێن دا هاتووەتە ئاراوە.[٩] ڕاپۆرتە بۆیدەرکەوت کە ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوە پەیوەست بە خانوو، زەوی و موڵکداری (HLP)، سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەستگەیشتن بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابورییەوە.

لە ساڵی ٢٠٢١ دا، ڕێکخراوی (IOM) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و دەستنیشانی ئەو شوێنانەی کرد کە کێشەی خانوو، زەوی و موڵکداریان تێدایە و هەروەها ڕاپۆرتەکە جەختیشی خستبووە سەر لایەنەکانی سەلامەتی و ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمانە هەموو بەیەکەوە، زنجیرەی ڕاپۆرتەکانی تێکەڵاوبوونەوە، بەو ڕاپۆرتەی کە جەخت دەخاتە سەر کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری، بەڵگەیەکی گشتگیر دەخاتە بەردەست و دەبێتە بنەما و بناغەیەک بۆ پاڵپشتیکردنی بەرەوپێشچوونەکانی تێکەڵاوبوونەوەی هەمیشەیی کە بەدەستهاتوون بۆ ئەو( ٨٢٥,٣٧٢ ) خێزانە لەسەرانسەری وڵات دا.

## شەڕوململانێ، کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و تێکەڵاوبوونەوە

شەڕوململانێ لە عێراق کاریگەریەکی زۆری کردووەتە سەر دەستگەیشتنی گەڕاوان بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک و دەستکەوتنی داهات، ئەمەش وایکردووە ئاڵنگاری بخاتە بەردەم تێکەڵاوبوونەوەی هەمیشەیی لە ناوچەکانی زێدیان دا.

عێراق بۆ دەیان دەیەیە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و زەحمەتی ئابوری دەبێتەوە لەماوەی شەڕوململانێیە یەک بەدوای یەکداهاتووەکان دا، لەوانەش جەنگی عێراق-ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، جەنگی کەنداو (١٩٩٠-١٩٩١) و جەنگی عێراق (٢٠٠٣-٢٠١١).[١٠] دوابەدوای ئەمانەش، قەیرانی داعش لە (٢٠١٤-٢٠١٧) بەردەوام کاریگەریەکی خراپی کردووەتە سەر ئابوری لۆکاڵی و ئەو ناوچەی شەڕوململانێیەکان ژیان پێگەیاندووە، لەپاڵ ئەمانەشدا، گروپە میلیشاییەکان ئامانجیان تێکدان و دەست بەسەرداگرتنی ناوەندەکانی کاروچالاکی بازرگانی

١ لە نیسانی ٢٠١٥ەوە خێزانە عێراقییەکان بۆ ناوچەکانی زێدیان دەگەڕێنەوە و زۆربەی هەرەزۆری گەڕانەوەکانیش دوای ڕاگەیاندنی شکستپێهێنانی داعشەوە بوو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ دا.

٢ بڕوانە داتاسێتی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-DTMی ڕێکخراوی IOM گەڕی ١٢٤: https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

٣ سەرچاوەی سەرەوە

٤ بەگشتی ئەمە وەکو ڕێژەی گەڕانەوەی نیشتیمانی ئاماژەی پێدەکرێت

٥ بڕوانە داتاسێتی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-DTMی ڕێکخراوی IOM گەڕی ١٢٤: https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

٦ ئۆچا (OCHA) ٢٠٢٢. بڕوانە پلانی بەدەمەوەهاتنی مرۆیی عێراق ٢٠٢٢: https://www.humanitarianresponse.info/sites/www.humanitarianresponse.info/files/documents/files/iraq_humanitarian_response_plan_2022_-_issued_27_march.pdf

٧ ڕێکخراوی IOM، جارێکی دیکە ماڵەوە. بڕوانە پۆلێنکردنی بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان لە عێراق دا: https://iraqdtm.iom.int/files/DurableSolutions/202216553131_iom_Iraq_Home_Again_Categorising_Obstacles_to_Returnee_Reintegration_in_Iraq.pdf

٨ ڕاپۆرتی جارێکی دیکە ماڵەوە؟ دەستنیشانی ئەوەیکرد کە تێکەڵاوبوونەوەی هەمیشەیی بەو بەرەوپێشچوونە بیرییە پێوانە کراوە کە گەڕاوە کردوویەتی، بەو دابێنکرنانە بووە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە فەراهەمکراون و بە زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەی کە لە دوای گەڕانەوە بۆ زێد توشی بوون.

٩ پێنج پێوەرەکەی دیکە کە لە ڕاپۆرتی جارێکی دیکە ماڵەوە؟ لێکۆڵینەوەیان لێکرا، بریتیبوون لە ١.سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ٢. بڕی پێویستی پێوەر و ستانداردەکانی ژیانکردن، ٣. دەستگەیشتن بە کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن، ٤. گەڕانەوەی موڵک و ٥. دەستگەیشتن بە بەڵگەنامەکان

١٠ دەکرێت خستنەڕوویەکی تەواوی قەیرانی ئەو ئاراوەربوونەی کە لە دوای هەر شەڕو ململانێیەک ڕوویداوە لێرە ببینرێت: ڕێکخراوی IOM، قەیرانی ئاوارەبوون لە عێراق لە ٢٠١٤-٢٠١٧. https://iraqdtm.iom.int/files/DurableSolutions/20203224827300_IOM-Iraq_Displacement_Crisis_2014-2017.pdf

بووە وەکو بازاڕەکان و ناوچە کشتوکاڵییەکان. دیسان ئەمانەش هاوشان بوونە لەگەڵ ئاوارەبوونی خانەوادەکان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و هۆیەکانی دابینکردنی ژیانی پچڕاندووە، لەوکاتەی ئەو کارو بزنسانەی کە لەناوچەکانی ژێردەستی داعش ماونەتەوە، بەزۆر ناچار بە سەرانەدان کراون تا تێچووی ئۆپەراسیۆنەکانی داعش دابینبکەن.[11] ئەوانەش کاریگەریەکی زۆری کردووەتە سەر لایەنی ئابوری و سەربەخۆیی ئابوری و هێزی کڕینی گەڕاوان، ئەمەش کاریگەری کردووەتە سەر کوالێتی ژیان و چۆنیەتی شێوازی تێکەڵاوبوونەوەیان لە ناوچەی زێد.

## شیکاری تەواوکاری

### دەستگەیشتن بەکاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری لە نێو ئاواران و گەڕاوان دا

دەکرێت ئەم شیکارییەی کە لەم ڕاپۆرتەدا خراوەتەڕوو بەجۆرێک ببینرێت کە هاوشانی ئەو دەرئەنجامانەی کە لە توێژینەوەی پاڵپشتیانەی زانکۆی جۆرج تاون و ڕێکخراوی (IOM) بێت، دەستگەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق: کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک، ئاسایشی ئابوری و ئاوارەبوون، کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بڵاوبوویەوە.[12] دەرئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە هەڵقوڵاوی ئەو پانێڵەن کە جەختی خستبووە سەر چارەسەرە هەمیشەییەکان و ڕووپێوی بۆ نزیکەی ٢٠٠٠ ئاوارەی دەرەوەی کامپ کردبوو کەبەهۆی شەڕوململانێی داعشەوە ئاوارەبوون و، ئامانجیشی تێگەیشتن بوو لە ئاستی دەستگەیشتن بەو چارەسەرە هەمیشەییانە لەماوەی ئاوارەبوون لە شەش ساڵی ڕابردوودا.[13]

ڕاپۆرتەکە شیکاری بۆ ئاستی دەستگەیشتنی ئاوارەکان بە کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک و ئاسایشی ئابوری کرد لە نێو ئەوانەی کە لە ئاوارەیی دان، کە ئەمەش هاوشان بوو لەگەڵ چوارچێوەی کاری لیژنەی هاوبەشی نێوان ئاژانسەکان (IASC) بۆ چارسەرە هەمیشەییەکان.[14] ئەمانە، ئەم دوو ڕاپۆرتە بەیەکەوە، تێگەیشتنێکی تەواو لەسەر کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاڵنگارییە ئابورییەکان کە ڕووبەڕووی خێزانەکان دەبنەوە دەخاتەڕوو، هەم لە کاتی ئاوارەبوونی ئەو خێزانانە، هەمیش لەکاتی کاتی گەڕانەوە و تێکەڵبوونەوە لە ناوچەی زێدیان.

## ئامانجەکان و پێکهاتەی ڕاپۆرت

ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە بەهێزکردنی بنەمای بەڵگەداری پەیوەست بە جۆری ئەو ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕووی تێکەڵاوبوونەوە دەبنەوە و پەیوەستن بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری گەڕاوان لەسەرانسەری وڵاتدا. ئەم شیکاریە خۆی لە دوو پێوەر دا دەبینێتەوە کە لە چوارچێوەی کاری گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران دا، ئەوانیش:

| خستنەسەرکار لەگەڵ ئاسایشی ئابوریی | کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن |
| --- | --- |

پێوەری کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنە سەرکار ئاماژە بە دۆخی کاروچالاکییە لۆکاڵییەکان دەکات لە ناوچەکانی گەڕانەوە، لەوکاتەی پێوەری ئاسایشی ئابوری ئاماژە سەرچاوەکانی داهات دەکات کە خانەوادەکات پشتی پێدەبەستن.

لە ژێر هەریەکێک لەو پێوەرە لاوەکیانە، ژمارەیەک دەرخەری چەندیەتی هەیە و خراوەنەتەڕوو، کە ئەو جۆرە جیاوازانەی ئاڵنگارییەکانی تێکەڵاوبوونەوە دەگرنەخۆ کە گەڕاوان ڕووبەڕوویان دەبنەوە. بۆ هەریەکێک لە دەرخەرەکانیش، دەرئەنجامە نیشتیمانییەکانی سەر ئاستی وڵات خراونەتەڕوو، لەگەڵ تیشک خستنەسەر جیاوازییە سەرەکییەکان لە ڕێژەی هەر جۆرێکی ئاڵنگاری کە گەڕاوان ڕووبەڕوویان دەبنەوە. سەبارەت بە دەرخەرە سەرەکییەکان، شیکاری بەراوردکاری کراوە، تیشک خراوەتە سەر ئەو دۆخ و هەلومەرجانە کە لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١ گۆڕانکاریان بەسەر داهاتووە (ئەگەر گۆڕانکاری هەبێت).

ڕاپۆرتەکە لەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

- یەکەم، خستنەڕوویێکی گشتی ڕێباز و میتۆدی بەکارهاتوو لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. ئەمەش پوختەیەک لەسەر ڕێبازی توێژینەوەش دەگرێتەوە، هەروەها ڕیزکردنی خشتەی دەرخەرەکان و سەرچاوەی داتاکان و سنوور و مەوداکانی ڕاپۆرت دەگرێتەوە.
- دووەم، خستنەڕوویێکی کورت و پوختی ڕەوشی ئێستای پەیوەست بە گەڕاوان لەسەرانسەری وڵاتدا خراوەتەڕوو. ئەمەش پوختەیەک لەسەر ژمارەی گەڕاوان لەسەرانسەری پارێزگا و قەزاکان دەگرێتەوە. بە وێنە خستنەڕووی داتاکان بە گراف و نەخشە، لەگەڵ تیشک خستنە سەر دەرئەنجامە سەرەکییەکان لە ژێر هەر یەکێک لە پێوەرە لاوەکییەکان.

[11] ڕێکخراوی هابیتاتی (Habitat)ی نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٠١٦). پرۆفایلی شاری موسڵ، عێراق: هەڵسەنگاندنی کەرت و سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی شارێک لەژێر گەمارۆدا، بڕوانە: https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/UN-Habitat_MosulCityProfile_V5.pdf

[12] ڕێکخراوی (IOM) و زانکۆی جۆرج تاون (٢٠٢٠). دەستگەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان لە نێوان ئاوارەکان لە عێراق کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاساێشی ئابوری لە ئاوارەبوون دا، بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/files/DurableSolutions/2020121389453_IOM_Iraq_Access_to_Durable_Solutions_Livelihoods_and_Economic_Security_in_Displacement.pdf

[13] سەرچاوەی سەرەوە.

[14] لیژنەی هاوبەشی نێوان ئاژانسەکان (IASC) و دامەزراوەی بڕوکینز (٢٠١٠). چوارچێوەی کاری چارەسەرەهەمیشەییەکان بۆ ئاواران. بڕوانە: https://interagencystandingcommittee.org/other/ iasc-framework-durable-solutions-internally-displaced-persons

- سێیەم، ڕاپۆرتەکە شیکارییەکی گشتگیر سەبارەت بە کێشەکانی پەیوەست بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری دەخاتە بەردەست لەبەرئەوەی ئەمانە پەیوەستن بە تێکەڵاوبوونەوەی هەمیشەیی خانەوادە گەڕاوەکان. شیکارییەکە خۆی لە دوو پێوەری لاوەکی پەیوەست بە گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران دا دەبینێتەوە: ١. کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردان و خستنە سەرکار، ٢. ئاسایشی ئابوری. دەرئەنجامە سەرەکییەکانیش بەشێوەی گراف خراونەتەڕوو لەگەڵ جیاوازییە جوگرافییە سەرەکییەکانیش کە بە نەخشە نیشکیان خراوەتەسەر.
- چوارەم، لە کۆتاییدا، ڕاپۆرتەکە بە خستنەڕوی پوختەیەک لە دەرئەنجامە سەرەکییەکان و چەند ڕاسپاردەیەک بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان کۆتاییپێدێت.

# ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرت

## ڕێبازی توێژینەوە

### کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری وەکو دوو پێوەری دەرهاویشتەی تێکەڵاوبوونەوە

چوارچێوەی کاری لیژنەی هاوبەشی نێوان ئاژانسەکان (IASC) بۆ ئاواران تیشک دەخاتە سەر سێ ڕێگەی جیاواز کە بەهۆیانەوە لەوانەیە کۆمەڵگەی ئاواران چارەسەرە هەمیشەییەکان بەدەستبێنن.[١٥] ئەمانیش: تێکەڵاوبوونەوەی ئاواران لەشوێنی ئاوارەبوون، تێکەڵاوبوونەوەی ئاواران لە شوێنێکی دیکە یان لە زێدیان، تێکەڵاوبوونەوەی ئاواران تەنیا لە ناوچەکانی زێدیان.

لەگەڵ زیاتر بەرەوپێشچوونی گەڕاوان بۆ تێکەڵاوبوونەوەی هەمیشەیی لە ناوچەکانی زێد، ئەو چوارچێوەکارەی کە گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران ئامادەیکردووە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە چاودێریکردنی ڕاددەی ئەوەی کە چ جۆرە چارەسەرێکی هەمیشەیی بووە لە ماوەیەکی دوور مەودا داهاتووە.[١٦] لەگەڵ گەڕانەوەی لە ٨٠٪ی ئەو خێزانە عێراقیانەی کە ئاوارەبوون، دڵنیایی دەدات لە بنەمای بەڵگەداری پەیوەست بە جۆری ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی گەڕاوان دەبێتەوە لە تێکەڵاوبوونەوەیان دا، لەوانەش: ئەوانەی کە پەیوەستن بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری کە دوو پێوەری سەرەکیین لە پلان دانان و ستراتیژیەتی چارەسەرە هەمیشەییەکان دا.

ئەم ڕاپۆرتە وێنەی ڕەوشی ئێستای گەڕاوان دەخاتەڕوو سەبارەت بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری، ئەمەش وەکو بەشێک لە ئامانجی بەرفراوانی بەدەمەوەهاتنی مرۆیی لە عێراق بۆ پاڵپشتیکردنی خێزانەکان لە تێکەڵاوبوونەوەی هەمیشەیی لە ناوچەکانی زێدیان دا. ئەمەش لەڕێگەی کۆکردنەوەی داتا لە ژمارەیەک داتای لاوەکی لە شوێنەکانی گەڕانەوە کە ئەو داتایانە وەکو بەشێک لە کاروچالاکییەکانی ڕێکخراوی (IOM) کۆکراونەتەوە.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) لە عێراق، بە دیاریکراویش لیستی سەرەکی، پێرستی گەڕانەوە، هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو وەکو ئەوەی کە بە ڕیزبەند هاتوون بە شێوەی دوو مانگ جارێک و ساڵانە ئامادەدەکرێن.[١٧] ڕاپۆرتەکە تازەترین داتا دەخاتەڕوو کە لە هەریەکێک لەو هەڵسەنگاندنانە وەرگیراوە.

## هەڵبژاردنی دەرخەر

لەبەشی شیکاری ئەم ڕاپۆرتەدا، لەژێر هەریەکێک لە پێوەرەکانی گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران، ژمارەیەک دەرخەری چەندیەتی خراونەتەڕوو. سەبارەت بە بەڵاوکراوەکانی دیکەی زنجیرەی تێکەڵاوبوونەوە، چوارچێوەی کاری گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران بەپێی ژینگە و دۆخی قەیرانی ئاوارەبوون لە عێراق لێکدانەوەی بۆدەکرێت، لەڕێگەی هەڵبژاردنی دەرخەرەکان لەسەربنەمای پەیوەستبوونیان.

هەموو ئەو دەرخەرانەی کە لە بەشی شیکارییەکە دا خراونەتەڕوو لەو داتاسێتانە وەرگیراون کە لەلایەن تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ەوە ئامادەکراون. زۆربەی هەرەزۆری دەرخەرەکانیش لە گەڕی ١٤ی پێرستی سەرەکی (DTM)ەوە وەرگیراون کە لە (تشرینی یەکەم بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١) بوو، هەروەها بەراوردکاریش کراوە لەگەڵ گەڕی ١١ کە لە (تشرینی دووەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠) بوو.[١٨] تەواوی دەرخەرەکانی دیکەلە گەڕی ٦ی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی (DTM) وەرگیراون کە لە (ئایار بۆ تەمموزی ٢٠٢١) بوو، کە ئەمانەش بەراوردکراون بە دەرخەرەکانی گەڕی ٥ی هەڵسەنگاندنی

١٥ لیژنەی هاوبەشی نێوان ئاژانسەکان (IASC) و دامەزراوەی بروکینگز (٢٠١٠). چوارچێوەی کاری چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان، بڕوانە: https://interagencystandingcommittee.org/other/ iasc-framework-durable-solutions-internally-displaced-persons

١٦ گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران (٢٠٢٠). ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئاماری ئاوارەکان؟ بڕوانە: https://unstats.un.org/unsd/statcom/51st-session/documents/BG-item-3n-internationalrecommendations-on-IDP-statistics-E.pdf

١٧ سەرچاوە سەرەکییەکانی داتا بریتین لە گەڕی ١٤ی پێرستی گەڕانەوە (کانوونی یەکەم ٢٠٢١) و هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٦ لە (تەمموزی ٢٠٢١).

١٨ ڕێکخراوی (IOM) (٢٠٢٠-٢٠٢١). داتاسێتی پێرستی گەڕانەوەی (DTM) گەڕەکانی ١٤ و ١١. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

شوێنی یەکخراو کە لەماوەی (تەمموزی بۆ ئابی ٢٠٢٠) بوو.[١٩] هەموو شێوە و فیگەرەکانی دانیشتووان لە گەڕی ١٢٤ی لیستی سەرەکی (DTM) وەرگیراوە کە لەماوەی (تشرینی یەکەم بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١) بوو.[٢٠] هەموو زانیارییەکانی دیکە کە لەم راپۆرتەدا هاتوون سەرچاوەیان خراوەتەڕوو. ئەو دەرخەرانەی کە لەژێر هەریەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکان و لاوەکییەکانی گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران بەکارهاتوون، لەم خشتەی خوارەوە خراونەتەڕوو.

لیستی دەرخەرەکان: دەستگەیشتن بەکاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری.

| پێوەر | پێوەری لاوەکی | دەرخەر | سەرچاوەی داتا |
|---|---|---|---|
| ١.کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن | ١.١.دەستگەیشتنی سنووردار لە دەرفەتەکانی خستنە سەرکار | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە لە شوێنانێک دا دەژین کە نیوە یان کەمتر لە نیوەی دانیشتوان دەتوانن کار بدۆزنەوە | گەڕەکانی ١٤ و ١١ پێرستی گەڕانەوە |
| | | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە لە شوێنانێک دا دەژین کە دەستگەیشتن بەکار یان کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن پێویستییەکی سەرەکییە | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ و ٦ |
| | ٢.١ ئەو کارو بزنسانەی کە لە کاردانین | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە لە شوێنانێک دا دەژین کە هیچ یان هەندێک لە بزنسەکان لەکاردان | گەڕەکانی ١٤ و ١١ پێرستی گەڕانەوە |
| | ٣.١ کشتوکاڵی لەکار دانەبوو | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە لە شوێنانێک دا دەژین کە هیچ یان هەندێک کاروچالاکی ئاژەڵداری/ کشتوکاڵیان لێ هەبوو بەر لە قەیرانی داعش | گەڕەکانی ١٤ و ١١ پێرستی گەڕانەوە |
| ٢.ئاسایشی ئابوری | ١.٢ سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین بەپێی سەرچاوەی داهات | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ و ٦ |
| | ٢.٢ کاروچالاکی ئابوری | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی هەرەزۆریان لەڕووی ئابورییەوە چالاکن | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ و ٦ |
| | ٣.٢ نەبوونی هاوکاری ماددی پێویست بۆ دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکان | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە هەندێک لە خێزانەکان سەرچاوەی ماددی و خۆراکی پێویستیان نییە و هەروەها شوێنی حەوانەوە و پێویستییە بنەڕەتییەکانی دیکەشیان نییە. | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٦ (٥ بەردەست نییە و دەرخەری لێوەرنەگیراوە) |

## سنوور و مەوداکان

دوو سنووری سەرەکی لەم ڕاپۆرتەدا هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن:

داتای لاوەکی: ئەو زانیاریانەی کە بەشی شیکاری خراونەتەڕوو-داتای سەرچاوەی لاوەکین، کە لەو داتا سێتانە وەرگیراون کە لە بنەڕەتدا وەکو بەشێک لە کاروچالاکییە جیاجیاکانەوە بەدەستهاتبوون و ئامانجی ڕوون و دیاریکراوی خۆیان هەبووە، هەربۆیە ئەو سەرچاوانەی داتایانە زۆر پەیوەست نین بە تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان. ئەو دوو هەڵسەنگاندنەی کە داتای ئەم ڕاپۆرتەیان لێ ئامادەکراوە ئاماژەیان پێدراوە، پێرستی گەڕانەوە گەڕەکانی ١١ و ١٤ و گەڕەکانی ٥ و ٦ هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو، کە ئامانجی ڕوون و دیاریکراویان هەبوو و بۆ تێگەیشتن لەو ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕووی گەڕاوان دەبنەوە لەسەرانسەری وڵات دا. هەرچەندە ئەو پرسیارانەی کە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنەکان دا هەبوون ڕێک پرسیاری ئەوەی لە بەشداربووان نەدەکرد کە کامە کێشە و گرفت بە دیاریکراوی دەبێتە ئاڵنگاری لەبەردەم تێکەڵاوبوونەوە گەڕاوان، بەڵکو لەبری ئەمە، پرسیارەکان زیاتر گشتی بوون و دەربارەی جۆرەکانی ئەو کێشە و گرفتانەبوون کە گەڕاوان ڕووبەڕوویان دەبنەوە. دەرخەرەکانیش لەسەر بنەمای پەیوەستیان بە پێوەرە سەرەکی و لاوەکییەکانی تێکەڵاوبوونەوە وە هەڵبژێردراون و لە بەشی شیکاری ئەم ڕاپۆرتەدا باسکراون. هەربۆیە، دەبێت لێکدانەوەی دەرئەنجامەکان بەجۆرێک بێت کە ئەوەمان لەبیربێت ئەو داتایانە بەپێی پەیوەستیان لەژێر هەر یەکێک لە پێوەرە سەرەکی و لاوەکییەکان ڕیزکراون.

داتا لەسەر ئاستی شوێن: هەموو ئەو داتایە کە لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو، لەسەر ئاستی شوێن کۆکراوەتەوە. واتە، تێبینی

[١٩] ڕێکخراوی (IOM) (٢٠٢١). داتاسێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی (DTM) گەڕی ٦. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ILA6#Datasets


[٢٠] ڕێکخراوی (IOM) (٢٠٢١). داتاسێتی لیستی سەرەکی (DTM): گەڕی ١٢٤. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

وەرگری (DTM) چاوپێکەوتنی لەگەڵ زانیاریدەرە سەرەکییەکان ئەنجامداوە دەربارەی ئەو دۆخەی کە ڕووبەڕووی گەڕاوان دەبێتەوە لە ژمارەیەک شوێن دا، کە گوندێکە بۆ ناوچەی لادێی و گەڕەکێکە لە ناوچەی شاریی (بەمانەیەکی دیکە، چوارەمین دابەشبوونی یەکەی کارگێڕی). ئەم ڕێبازەش وادەکات کە مەودایەکی بەرفراوان ڕوومال بکرێت لەسەرانسەری وڵات دا لەماوەیەکی کەم دا، زۆربەی کاتیش پشت بە هەڵبژاردنی یەک کەس دەبەستێت وەکو نوێنەری شوێنەکان، کە بەزۆری موختاری ئەو شوێنەیە یان ئەنجوومەنی خۆجێییە کە باسی دید و بۆچوونە جیاجیاکانی دانیشتووان دەکەن. ئەمەش وادەکات کە ئەمە نوێنەرایەتیەکی کەمتری گروپە کەمینەکان بکات کە خاوەن تایبەتمەندی جیاکەرەوەن یان جیاوازیان هەیە لەسەر بنەمای پێویستی و ئارەزووی کۆمەڵایەتیان. هەروەها تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خانەوادەکانیش، لەوانەی دەرخەرەکانی کۆمەڵایەتی-دیمۆگرافی وەکو ژمارەی ئەندامانی خێزان و فاکتەرەکانی کەمدەرامەتی و بێدەرەتانی (بۆ نموونە، ڕەگەزی سەرۆکی خێزان، یان ژمارەی ئەو ئەندامانەی خێزان کە کەسانی کەمئەندامن) لە داتا سێتەکان دا هەژمار نەکراوە.

## ژینگە و دۆخ: گەڕانەوەکان و تێکەڵاوبوونەوە[٢١]

تا سەرەتای ٢٠٢٠، بە کۆی گشتی (٨٢٥,٣٧٢) خانەوادە کە بەهۆی شەڕی داعشەوە ئاوارەبوون بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕاونەتەوە. بەرزترین ڕێژەی گەڕانەوەش دەکەوێتە پارێزگای نەینەوا بە (٣٢١,٢٦٢) کەس. ئینجا پارێزگای ئەنبار بە (٢٥٧,٠٨٢) کەس و پاشان سەڵاح الدین بە (١٢٢,٩٥١) کەس. شێوەی ١ لە خوارەوە کۆی گشتی ژمارەی ئەو گەڕاوانە نیشاندەدات کە بۆ هەشت پارێزگا گەڕاونەتەوە لەتەواوی عێراق دا.


شێوەی ١: ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان بەپێی پارێزگا




لەسەر ئاستی قەزادا، بەرزترین ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان لە قەزای ناوەندی موسڵە (١٧٨,٠٤٢) لە پارێزگای نەینەوا، ئینجا لە قەزای ڕومادی بە (١٠٠,٢٦٤) و فەللوجە بە (٩٥,١٣٥) کەس لە پارێزگای ئەنباردا. دوای ئەمانەش، بەرزترین ڕێژەی خانەوادە گەڕاوەکان لە قەزای تەلەعفەرە بە (٦٠,٢٥١) کەس لە پارێزگای نەینەوا، ئینجا لە قەزای تکریت بە (٣١,٦٢٧) کەس لە پارێزگای سەڵاح الدین. نەخشەی ١ لە خوارەوە دابەشبوونی ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان بەپێی قەزا نیشاندەدات لەسەرانسەری عێراق دا.

٢١ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەروو لە لیستی سەرەکی ١٢٤ی (DTM) وەرگیراون، داتاسێتی (کانوونی یەکەم ٢٠٢١)، کە خستنەڕوویەکی تەواوی ژمارەی گەڕاوان لەسەرانسەری عێراق دا دەخاتەروو، بە شوێنە و قەزا و ناحیانەشەوە کە بۆیان گەڕاونەتەوە. بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) ٢٠٢١ داتاسێتی لیستی سەرەکی (DTM): گەڕی ١٢٤: https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

نەخشەی ١: ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان بەپێی پارێزگا





## ڕێژەکانی گەڕانەوە[٢٢]

یەک یەکەی پێوانەی گرنگی شیکارکردنی دژواری ڕەوشەکە لە شوێنەکانی گەڕانەوە بریتییە لە ڕێژەکانی گەڕانەوە کە ژمارە و ڕێژەی ئەو خێزانانەیە کە لەماوەی شەڕو ململانێی داعش ئاوارەبوون و بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕاونەتەوە. بەتێکرا، دەکاتە لە ٪٨٠ی کۆی هەموو ئەو خێزانانەی کە لەتەواوی وڵات دا ئاوارەبوون و ئێستا بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان گەڕاونەتەوە.

ڕێژەکانی گەڕانەوە لەسەر ئاستی پارێزگاش دا، نزمترین ڕێژە لە بەغدایە بە (٪٦٦) بۆ بەرزترین ڕێژەی ئەو خێزانانە لە دهۆک بە (٪١٠٠) بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە. لەسەر ئاستی قەزاش دا، نزمترین ڕێژەکانی گەڕانەوە لە قەزاکانی شنگال بە (٪٣٦) و بەعاج بە (٪٣٥)، ئینجا بۆ بەرزترین لە توزخورماتوو بە لە (٪٦٢) و فارس و بەلەدیش هەریەکەیان بە لە (٪٧٠).

شێوەی ٢: ڕێژەکانی گەڕانەوە بەپێی پارێزگاکانی گەڕانەوە





٢٢ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتاسێتی لیستی سەرەکی ١٢٤ی (DTM) وەرگیراون، داتاسێتی (کانوونی یەکەم ٢٠٢١)، کە خستنەڕوویەکی تەواوی ژمارەی گەڕاوان لەسەرانسەری عێراق دا دەخاتەڕوو، بە شوێنە و قەزا و ناحیانەشەوە کە بۆیان گەڕاونەتەوە. بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) ٢٠٢١ داتاسێتی لیستی سەرەکی (DTM): گەڕی ١٢٤: https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

## خواست ویستی جوڵە ڕەوتی گەڕاوان[٢٣]

لە تەواوی عێراق دا، زۆربەی خێزانەکان بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە لە (٩٤٪) خواست و ویستی مانەوەیان لەناوچەی زێدیان هەیە لایەنی کەم بۆ ١٢ مانگی داهاتوو (تا تەمموزی ٢٠٢٢). خێزانەکانی دیکەش یان ئەوەتا بڕیاریان نەداوە کە لە (٥٪)ن، یان خواست و ویستی ئەوەیان هەیە کە لە شوێنێکی دیکەی عێراق نیشتەجێبن (١٪). لە زۆربەی پارێزگاکانیش دا، نزیکەی زۆربەی خێزانە گەڕاوەکان خواست و ویستی مانەوەیان لە شوێنی ئێستای خۆیان هەیە لەماوەی ١٢ مانگی داهاتوودا.

پارێزگای دیالە تاکە پارێزگای جیاوازە کە لە ٧٨٪ی خێزانە گەڕاوەکان ویستی مانەوەیان هەیە. لەسەر ئاستی قەزاش دا، ڕێژەیەکی نزمی خێزانە گەڕاوەکان لە قەزای خاڵس بە لە (٤٥٪)، هەر لەپارێزگای دیالە کە تیایدا خێزانەکانی باسی ویستی مانەوەی لەشوێنی خۆیان دەکەن. دووەم نزمترین ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانی کە ویستی مانەوەیان لە شوێنەکانی خۆیان هەیە لە قەزاکانی شنگال بە (٦٨٪) و حەویجە بە لە (٨١٪) تۆمارکران.

شێوەی٣: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە ویستی مانەوەیان لەشوێنی خۆیان هەیە (لەو ماوەی ساڵی ٢٠٢٢ دا) بەپێی پارێزگای گەڕانەوە





## کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و جوڵە و ڕەوتەکانی گەڕانەوە[٢٤]

تەنیا ڕێژەیەکی کەمی گەڕاوان (٥٪) لەو شوێنانەدان کە تیایاندا هۆکاری سەرەکی گەڕانەوەیان بریتییە لە هەبوونی کار لە ناوچەی زێدیان. ئەمەش هۆکارێکی ئاست نزمترە بە بەراورد بە سەلامەتی و ئەمنیەت کە (٩١٪ی گەڕاوان)، هەبوونی خانوو (٨٢٪)، دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی وەکو تەندروستی و خوێندن (٢٨٪) و یەکگرتنەوە و ئاشنابوونەوە بە ئەندامانی خێزان (٨٪).

هەرچەندە، وەکو لەخوارەوە نیشاندراوە، ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدان کە تیایاندا دەستگەیشتن بە کار کاریکردووەتە سەر ڕێژەکانی خانەوادەکان هەر لە هیچ خانەوادەیەک لە دهۆک و دیالە تا چەندان خانەوادە وەکو (٢٥) خانەوادە (٢٤٪) لە هەولێر و سەڵاح الدین دا.

شێوەی ٤: ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدان کە تیایاندا دەستگەیشتن بەکار کاریکردووەتە سەریان و بووەتە هۆکاری سەرەکی گەڕانەوە بۆ زێد، بەپێی پارێزگای گەڕانەوە.




٢٣ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داشبۆردی هەڵسەنگاندنی پێویستی گروپە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی (MCNA) دامەزراوەی (REACH) وەرگیراوە، گەڕی ٩. ماوەی ١٢ مانگ کە دەرخەرەکانی خواست و ویستی مانەوە ئاماژەیان بۆ دەکات لە تەمموز ٢٠٢٠ بۆ تەمموزی ٢٠٢١. دامەزراوەی (REACH). هەڵسەنگاندنی پێویستی گروپە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی (MCNA) خشتەکانی پوختەی گەڕی ٩. بڕوانە: https://data.humdata.org/dataset/ reach-iraq-multi-cluster-needs-assessment-round-ix-2021

٢٤ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی (DTM) (گەڕی ٦) وەرگیراوە. بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق (٢٠٢١). هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٦. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ ReturnIndex#Datasets

# شیکاری: ئاڵنگارییەکانی دەستگەیشتن بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری وەک بەربەستی بەردەم تێکەڵاوبوونەوە.

## کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنە سەرکار


قەیرانی داعش لە عێراق دا (٢٠١٤-٢٠١٧) کاریگەریەکی زۆری کردە سەر ئابوریە خۆجێییەکان. لەپاڵ ڕووخان و کاولکردنی خانوو و ژێرخانی گشتی، سەرهەڵدانی داعش ئامانجی تێکدان یان دەست بەسەرداگرتنی ناوەندەکانی کاروچالاکی بازرگانی بوو، وەک بازاڕەکان، پیشەسازییەکان و هەروەها ئاژەڵداری و بەرهەمهێنانی خۆماڵی جووتیاران. سەرەڕای ئەمانەش، هەڵاتنی خانەوادەکان لە ناوچەکانی شەڕوململانێییەکان بووەهۆی تێکشکانی زنجیرەی سەرچاوەکانی دابینکردن. دەرئەنجام، زۆربەی ئەو(٨٢٥,٣٧٢) خێزانە گەڕاوانە توانای ئابوری سەربەخۆ و کڕینیان سنووردارە، ئەمەش بووەتەهۆی کەمی دەرفەتەکانی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنە سەرکار.[٢٥]

ئەم بەشە پوختەیەکی دەربارەی دەرخەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بە جۆرە جیاوازەکانی ئاڵنگارییەکانی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنە سەرکار لەخۆ دەگرێت لەبەرئەوەی پەیوەستن بە تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان. دەرخەرەکان هەر لە بەربڵاوی و زۆری ڕادەی سنوورداربوونی دەستگەیشتن بە خستنە سەرکار لە شوێنەکان تا حەڵەتەکانی دەستگەیشتن بە خستنە سەرکار و دەرفەتەکانی کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن وەکو پێویستییەکی سەرەکی گەڕاوان دەبینرێت دەگرێتەوە. هەروەها داتای دیکەش خراوەتەڕوو کە پەیوەستە بەو ئاڵنگاریانەی کە گەڕاوان ڕووبەڕوویان دەبنەوە، لەوانەش: کەمی ئاستی کار و بزنس و کاروچالاکییە کشتوکاڵییەکان لەو ناوچانەی کە خێزانەکان بۆیان گەڕاونەتەوە.

### ١.١ سنووردارບوونی دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی خستنەسەرکار[٢٦]

ئاڵنگارییەکانی دەستگەیشتن بە خستنە سەرکار هەندێک لەو بەربەستانە نیشاندەدەن کە گەڕاوان لە تێکەڵاوبوونەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە تەواوی عێراق دا. بەگشتی، (٥٣٩,٣٤٣) خانەوادەی گەڕاوە (٦٥٪) دانیشتووی شوێنێکن کە تیایاندا نیویان دەتوانن کاریان دەستبکەوێت. هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕێژەی ئەو گەڕاوانە ڕوویندداوە لە نێوان ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١. لە سەر ئاستی پارێزگادا، بەرزترین ژمارەی خانەوادە گەڕاوەکان لەو ناوچانەی کە ئاستی خستنەسەرکار نزمە دەکەوێتە نەینەوا بە (٢١٦,٨٦٥) و ئەنبار بە (١٩٨,٠٨٨)، ئەمەش دەکاتە لە (٦٨٪) و (٧٧٪) کۆی خێزانە گەڕاوەکانی هەریەکێک لەم پارێزگایانە. ژمارەیەکی بەرچاوەی خانەوادە گەڕاوەکانیش لەو شوێنانەن کە ئاستی خستنە سەرکار نزمە لە پارێزگای سەڵاح الدین بە (١٩,٠٤٢) کە لە (٥١٪)ە و ئینجا دیالە بە (٣٥,٤٠٩) کە لە (٨٩٪) یە.

شێوەی ٥: ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ئاڵنگاری دەستگەیشتن بە خستنە سەرکار هەیە (دەستگەیشتنی سنووردار یان هەر نییە)





گۆڕانکارییەکی بەرچاویش لە ژمارەی ئەو خانەوادە گەڕاوانەی کە لە شوێنانێکدا دەژین کە ئاستی خستنە سەرکار نزمە لە قەزاکانی گەڕانەوە بەدیکرا. قەزای ناوەندی موسڵ لە پارێزگای نەینەوادا بەرزترین ژمارەی خانەوادە گەڕاوەکان لەخۆدەگرێت کە ئاستی خستنەسەرکاریان نزمە بە (١١٤,٥٩٢)، کە دەکاتە لە (٦٤٪) خانەوادە گەڕاوەکانی ئەو شوێنە. لەگەڵ ئەوەشدا، نزیکەی هەموو خانەوادە گەڕاوەکانی قەزایەکانی تەلەعفەر بە (٥٧,٩٤٣) (٩١٪)، شنگال بە (١٩,٨٩٩) (٩٩٪) و بەعاج بە (٨,٩٢١) (٩٩٪) پارێزگای نەینەوا ئاستی خستنە سەرکاریان نزمە، کە هەرسێ قەزاش توشی دارمانێکی زۆر بونەتەوە لەماوەی قەیرانی داعش دا.

ئەوەی جێی سەرەنجە کە (١٧,٢٣٨) خانەوادەی گەڕاوەی قەزای خانەقین-ی (١٠٠٪) پارێزگای دیالە ئاستی خستنە سەرکایان نزمە، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە خانەوادە گەڕاوەکانی قەزاکانی ڕومادی بە (٩١,٣٧٠) (٩١٪)، فەللوجە بە (٤٣,٢٣٦) (٤٥٪) و هیت (٢٧,١٦٧) (٩١٪)ی پارێزگای ئەنبار ڕووبەڕووی هەمان ئاڵنگاری دەبنەوە. بڕوانە نەخشەی ٢ لەخوارەوە بۆ خستنەڕوویەکی گشتی گۆڕانکارییەکانی ژمارەی ئەو خانەوادە گەڕاوانەی کە لە شوێنانێکدا دەژین کە تیایاندا ئاستی خستنەسەرکار نزمە لە تەواوی قەزاکان دا.

٢٥ ڕێکخراوی هابیتاتی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN Habitat) (٢٠١٦). پڕۆفایلی شاری موسڵ: هەڵسەنگاندنی کەرتە جۆراوجۆرەکانی شارێکی گەمارۆدراو. بڕوانە: https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/UN-Habitat_MosulCityProfile_V5.pdf

٢٦ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتاسێتی پێرستی گەڕانەوەی (DTM) وەرگیراوە (گەڕەکانی ١١ و ١٤). بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١). داتاسێتی پێرستی گەڕانەوە: گەڕەکانی ١١ و ١٤. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

نەخشەی ٢: ژمارەی ئەو خانەوادە گەڕاوانەی کە لە شوێنانێکدا دەژین کە ئاڵنگاری دەستگەیشتن بە خستنەسەرکاریان هەیە، بەپێی قەزای گەڕانەوە





## ٢.١ دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی خستنە سەرکار و کاروکاسبی وەک پێویستییەکی سەرەکی[٢٧]

ئاڵنگارییەکانی دەستگەیشتن بە کاروکاسبی و خستنە سەرکار یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی گەڕاوان. لەسەر ئاستی وڵات دا، بە کۆی گشتی (٦٤٢,٨٢٠) خانەوادەی گەڕاوە، کە دەکاتە لە (٧٩٪)ی هەموو ئەو خانەوادە گەڕاوانەی کە بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی خستنەسەرکار بە پێویستییەکی سەرەکی دادەنێن.

ئەو خێزانە گەڕاوانەش بە زۆری هی پارێزگاکانی نەینەوان بە (٢٧١,٧٤١) ( ٨٥٪) و ئەنبار بە (١٩٧,٠٥٤) (٧٨٪)، لەوکاتەی ژمارەیەکی بەرچاویش لەو خێزانانە هی پارێزگای سەڵاح الدین بە (٨٩,١١٢) (٧٥٪). شێوەی ٦ لە خوارەوە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانە نیشان دەدات کە ئەم پێویستییەیان هەیە لە هەر پارێزگایەکی گەڕانەوەدا.

شێوەی ٦: ژمارەی ئەو خانەوادە گەڕاوانەی کە لە شوێنانێکدا دەژین کە تیایاندا دەستگەیشتن بە خستنەسەرکار و کاروکاسبی پێویستییەکی سەرەکییە، بەپێی پارێزگا




٢٧ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی (DTM) گەرەکانی (٥ و ٦ ) وەرگیرون. بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢١). هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ و ٦. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

شیاوی باسە، دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی خستنە سەرکار و کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن پێویستییەکی سەرەکی هەموو خانەوادە گەڕاوەکانە لە تەواوی وڵاتدا بە لە (٪٧٩) ی خانەوادە گەڕاوەکان، کە خانەوادەکان بەشێوەیەکی زۆرتر ڕووبەڕووی ئەمە دەبنەوە، وەک لە نۆژەنکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان کە لە (٪٤٩)یان ئەو پێویستییەیان هەیە. هەروەها تەندروستی و کەرەستە و کەلوپەلی ناخۆراکییش بە لە (٪٣٩) یە. وەکو لەخوارەوە خراوەتەڕوو، باس لە دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی خستنە سەرکار و کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن کراوە وەکو پێویستییەکی سەرەکی لە زۆربەی پارێزگاکانی گەڕانەوەدا.

ئەو جۆرە پێویستییە بە ڕێژەیەکی بەرز لە پارێزگاکانی دهۆک بە لە (٪١٠٠ خێزانەکان)[٢٨]، هەولێر بە لە (٪٩١)، نەینەوا بە لە (٪٨٥) و بەغدا بە لە (٪٨٣)ە. کەرکووک تاکە پارێزگایە کە پێویستییەکی دیکەی زۆر پێویستی هەیە بە لە (٪٦٢) خانەوادە گەڕاوەکان ئەویش ئاوی خواردنەوەیە کە لەو ناوچانەدا زۆر کەمە، لە کاتێکدا پێویستی خستنەسەرکار و کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن لە (٪٥٢)ە.

شێوەی ٧: ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لە شوێنانێک دا دەژین کە تیایاندا دەستگەیشتن بە خستنەسەرکار یان کاروکاسبی پێویستییەکی سەرکییە، بە بەراورد بە پێویستییەکانی دیکە، بەپێی پارێزگا[٢٩]


| | ئەنبار | بەغدا | دهۆک | دیالە | هەولێر | کەرکووک | نەینەوا | سەلاح الدین | لەسەر ئاستی وڵات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خستنەسەرکار/کاروکاسبی | ٪٧٨ | ٪٨٣ | ٪١٠٠ | ٪٨٤ | ٪٩١ | ٪٥٢ | ٪٨٥ | ٪٧٥ | ٪٧٩ |
| نۆژەنکردنەوە/بنیاتنانەوەی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان | ٪٤٥ | ٪٥٠ | ٪٠ | ٪٧٤ | ٪١٥ | ٪١٣ | ٪٥٤ | ٪٥٨ | ٪٤٩ |
| تەندروستی | ٪٥٠ | ٪٥٥ | ٪١٠٠ | ٪٧ | ٪٢٦ | ٪٩ | ٪٣٩ | ٪٤٢ | ٪٣٩ |
| کەرستە و کەلوپەلی ناخۆراکی | ٪٥٧ | ٪٥٢ | ٪٠ | ٪٧٩ | ٪٧١ | ٪٤٩ | ٪٢٢ | ٪٢٤ | ٪٣٩ |
| ئاوی خواردنەوە | ٪٣٤ | ٪١٢ | ٪٠ | ٪٣٦ | ٪٣٣ | ٪٦٢ | ٪١٣ | ٪١٨ | ٪٢٥ |
| خوێندن | ٪١٨ | ٪١٤ | ٪٠ | ٪٦ | ٪١ | ٪١٢ | ٪٢١ | ٪١٧ | ٪١٨ |
| چارەسەر بۆ مافەکانی توندتیژییەکانی پەیوەست بە ئاوارەبوونەوە | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢٤ | ٪٣٧ | ٪١٥ |

ژمارەی گەڕاوان لە هەر پارێزگایەکی گەڕانەوە کە تیایاندا باس لە خستنەسەرکار و کاروکاسبی کراوە وەک پێویستییەکی سەرەکی و لەخوارەوە لە نەخشەی ٣ خراوەتەڕوو.

٢٨ سەرنجی ئەوە بدە کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی خێزانە گەڕاوەکان لە پارێزگای دهۆک-ن کە (١٢٨) خێزان.

٢٩ بەشداربووان دەیانتوانی تا سێ سەرچاوەی داهات هەڵبژێرن. هەربۆیە، وەڵامەکان یەکسان نین بە لە ٪١٠٠.

نەخشەی ٣: ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە باس لەوەکرا کە دەستگەیشتن بە خستنەسەرکار و کاروکاسبی پێویستییەکی سەرەکییە، بەپێی قەزای گەڕانەوە





## ٣.١ هەبوونی ئەو بزنسانەی کە لەکاردا نین[٣٠]

یەکە و پێوانەیەکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە ئەو ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕووی گەڕاوان دەبێتەوە لە تێکەڵاوبوونەوە پەیوەستە بە هەبوونی ئەو بزنسانەی کە لە کاردانین و وەستاون. لە سەرانسەری شوێنەکانی گەڕانەوە لە تەواوی عێراق دا، (٣١٨,١٥٧) خێزان، لە ٣٩٪ی هەمووو ئەوانەی گەڕاونەتەوە، لە شوێنانێکدان کە هەندێک یان هیچ بزنسێک دەستی بەکار نەکردووەتەوە لەدوای شکستپێهێنانی داعشەوە. هیچ گۆڕانکارییەکی ئەتۆلەم دەرخەرەدا تۆمار نەکراوە لەنێوان ٢٠٢٠ تا ٢٠٢١.

ئەو خێزانانەی دیکە یان ئەوەتا لە شوێنانێکدان کە زۆربەی بزنسەکان دەستیان پێکردووەتەوە کە (٤٧١,٦٠٤) لە (٥٧٪)، یان ئەوەتا هیچ بزنسێکی لێ نییە (٣٤,٨٨٧) لە (٤٪). لەسەر ئاستی پارێزگاش دا، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانە ڕوویداوە کە لە شوێنانێکدان کە تەنیا چەند یان هەر هیچ بزنسێک دەستپێنەکردووەتەوە. بەرزترین ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەش لە شوێنەکانی پارێزگای ئەنبارن بە (١١٠,٦٤٨) لە (٤٣٪)، ئینجا لە پارێزگای نەینەوا بە (٨٨,٧٣٩) لە (٢٨٪) و پاشان لە پارێزگای سەڵاح الدین بە (٦٨,٣٦٦) لە (٥٦٪)ە.

شێوەی ٨: ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە بزنسەکان لە کاردانین (هیچیان یان تەنیا هەندێکیان لە کاردان).





هەروەها جیاوازی لە نێوان تەواوی قەزاکان دا هەبوو لە گەڕانەوە. تا ئێستا، بەرزترین ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەی کە هیچ بزنسێکیان تێدا نییە لە قەزای ڕومادیە بە (١٥,١١٩) لە پارێزگای ئەنبار دا، کە دەکاتە دوو لەسەر سێی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو قەزایە بە لە (٦٥٪). دوای ئەوەش قەزای ناوەندی موسڵ لە پارێزگای نەینەوا

٣٠ هەمووو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەروو لە داتاسێتی پێرستی گەڕانەوەی (DTM) وەرگیراوە (گەڕەکانی ١١ و ١٤). بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١). داتاسێتی پێرستی گەڕانەوە: گەڕەکانی ١١ و ١٤. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

بە (٢٩,٦١٧) لە (١٧٪)، ئینجا فەللوجە بە (٢٦,٢٤٣) خانەوادە لە (٢٨٪) لە پارێزگای ئەنبار دا، دوای ئەوانیش قەزای شەرگات بە (٢٤,٩٠٠) لە (٩٢٪). شایەنی باسە، نزیکەی هەموو خێزانە گەڕاوەکانی قەزای مقدادیە لە پارێزگای دیالە (٩,٦٣١) لە (٩٩٪) و قەزای فارس لە پارێزگای سەڵاح الدین بە (٢,١٦٥) لە (٩٤٪) گەیشتوونەتەوە ئەو شوێنانەی کە هیچ یان هەندێک لە بزنسەکان لە کاردان. نەخشەی ٤ لە خوارەوە گۆڕانی ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانە نیشاندەدات کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ئەم جۆرە ئاڵنگارییەی لێیە.

نەخشەی ٤: ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە بزنسەکان لە کاردانین (هیچ یان هەندێک لە بزنسەکان لەکاردان)، بەپێی قەزای گەڕانەوە.




## ٤.١ هەبوونی کشتوکاڵی ناکارا و لەکاردانەبوو[٣١]

لەماوەی قەیرانی داعش دا، چەندان کۆمەڵگە کە پشتیان بە کاروچالاکییە کشتوکاڵییەکان بەستبوو وەکو سەرچاوەیەکی داهاتیان لە زێدی خۆیان دا، ئەوا جێیانهێشت. ئەو ناوچە کشتوکاڵیانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بۆ ئاژەڵداری بوون لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش دا بە ئامانجگیران، زەرەرو زیانی سەرەکیش بەر کێڵگە کشتوکاڵییەکان کەوت لە کاتی ئۆپەڕاسیۆنەکانی هێزە چەکدارەکانی سەر بەحکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شوێنانەی لە ژێر دەستی داعش بوون.[٣٢] کاریگەرییەکانی ئەو قەیرانەش لەسەر لایەنی بەرهەمهێنان و پیشەسازی لەو کەرتەدا بەردەوام بە نەرێنی لە سەر کۆمەڵگەکانی گەڕاوان شکاوەتەوە، زۆربەی ئەوانەی کە پێشووتر کاری کێڵگەداریان دەکرد ئێتر توانای کارکردنیان لەو کەرتە دا نەما، ئەمەش زیانی بە زنجیرەی دابینکردن گەیاندووە و زیانی بە دەستگەیشتنی کۆمەڵگە بە خۆراکی تازە و سروشتی گەیاندووە لە بازاڕدا.


لەنێو هەموو خێزانە گەڕاوەکان لە تەواوی وڵات دا، نزیکەی نیوە زیاتریان (٤٢٧,٩٩٧) لە (٥٢٪) یان لەو شوێنانەدا دەژین کە هیچ کارێکی کشتوکاڵی لێ نییە. خێزانەکانی دیکە (٣٩٦,٦٨٧) لە شوێنانێک دادەژین کە یان کشتوکاڵ یان ئاژەڵداری لێیە. لەو ناوچانەش دا (١٨٣,٢٢٦) خێزانە لە (٤٦٪) یان لە شوێنانێکن کە پێش هاتنی داعشیش هیچ یان هەندێک کاروچالاکی کشتوکاڵی لێبوو.

لەوکاتەی (٢١٢,٧٤٠) لە (٥٤٪) لەو ناوچانەن کە کارو چالاکییەکان تیایاندا بەردەوامن. هۆچ گۆڕانکارییەک لە ڕێژەی کاروچالاکییە کشتوکاڵییەکان لەسەرانسەری وڵات دا تۆمار نەکرا لە نێوان ٢٠٢٠ و ٢٠٢١.

٣١ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتاسێتی پێرستی گەڕانەوەی (DTM) وەرگیراوە (گەڕەکانی ١١ و ١٤). بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١). داتاسێتی پێرستی گەڕانەوە: گەڕەکانی ١١ و ١٤. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets هەروەها هەڵسەنگاندنی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان-ی ڕێکخراوی (IOM) لەو ناوچانەی کە بەهۆی داعشەوە زیانی بەرکەوتووە، ٧٣٪ی زانیاریدەرەکان باسی ئەوەیانکرد کە ناوچەکانیان بەهۆی دۆخی کەش و هەواوە زیانی بەرکەوتووە لەوانەش بە وشکەساڵی و بەرزی پلەکانی گەرماوە. بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق (٢٠٢٢). هەڵسەنگاندنی شیکاری بازاڕی کار لەو ناوچانەی بەهۆی داعشەوە زیانیان بەرکەوتووە.

٣٢ ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان. کاریگەری داعش لەسەر کەرتی کشتوکاڵی عێراق. بڕوانە: https://reliefweb.int/report/iraq/impact-isis-iraq-s-agricultural-sector


شێوە ٩: لە ناوچە کشتوکاڵییەکان، ژمارەی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو شوێنانەی کە بزنسی ناکارایان لێیە (هیچ یان هەندێک کاروچالاکی لێیە)




لەسەر ئاستی پارێزگاش دا، بەرزترین ژمارەی خێزانە گەڕاوەکانیش لەو ناوچانەی کە بزنسی ناکاراو لەکار وەستاوی لێیە لە پارێزگای نەینەوایە (٨٠,٤٤٢) کە دەکاتە لە (٤٨٪)ی کۆی ئەو خێزانانەی کە لەو ناوچانەدا دەژین. ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو خێزانە گەڕاوانەش لە ناوەندی قەزای موسڵ-ن (٣٢,١١٠) لە (٥٠٪)ی هەموو ناوچە کشتوکاڵییەکان. جێگەی باسە، نزیکەی هەموو خێزانە گەڕاوەکانی ناوچە کشتوکاڵییەکانی قەزای شنگال (١٦,٨٧٨) لە (٩٩٪) یان دانیشتووی ئەو شوێنانەن کە هیچ یان هەندێک کاروچالاکی کشتوکاڵیان تێدایە.

هەروەها لە پارێزگای ئەنباریشدا، نزیکەی دوو لەسەر سێی خێزانە گەڕاوەکانی ناوچە کشتوکاڵییەکان لە شوێنانێکن کە هیچ کارێکی کشتوکاڵی لێ نییە (٥٩,١٢٩) لە (٦٧٪). ئەو خێزانانەش زۆربەیان لە قەزاکانی ڕومادی (٢٣,٥١٢) لە (٨٠٪) و فەللوجە (١٨,٧١٦) لە (٤٨٪) ن. نەخشەی ٥ لەخوارەوە گۆڕانکاری ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانە لەو ناوچانە دا نیشاندەدات کە کاروچالاکی کشتوکاڵیان تێدا وەستاوە.

نەخشەی ٥: ژمارەی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو شوێنانەی کە کشتوکاڵیان تێدا وەستاوە (هیچ یان هەندێک کاروچالاکی کشتوڵیان لێیە)، بەپێی قەزای گەڕانەوە.




## ٢- ئاسایشی ئابوری

تاڕادەیەکی زۆر تێکەڵاوبوونەوەی هەمیشەیی گەڕاوان لە ناوچەکانی زێدیان دا دەوەستێتە سەر ئەو داهاتەی کە دەستیان دەکەوێت و ئاستی کارو چالاکییە ئابورییەکان لە تەواوی کۆمەڵگە دا هەن. هەروەک لە چوارچێوەی گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران (EGRIS)ی[33] دیاریکراوە، ئاسایشی ئابوری بە جیا لە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و دەرفەتە ئابورییەکان پۆلێندەکرێت، لەبەرئەوەی پەیوەستە بە سەرچاوەکانی ئەو داهاتەی کە خێزانەکان پشتی پێدەبەستن. هاوکات لەگەڵ ئەو دەرفەتە سنووردارانەی خستنە سەرکار و کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن کە لە بەشی پێشوو باسمانکرد، تێگەیشتن لەم کێشانە وادەکات تێگەشتنێکی تەواو بۆ ئەو دۆخە ئابورییە هەبێت کە خێزانەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە تەواوی عێراق دا. ئەم بەشە زانیاری دەربارەی دەرخەرە سەرەکییەکانی ئاسایشی ئابوری دەخاتە بەردەست، لەوانەش: جۆرە سەرەکییەکانی سەرچاوەکانی داهات، ئاستی خێزانەکان بۆ کارو چالاکی ئابوری و هەروەها حاڵەتەکانی ئەو خێزانانەی کە سەرچاوەی دارایی و خۆراکی پێویستیان نییە، هەروەها شوێنی حەوانەوە و پێویستییە بنەڕەتییەکانیشیان نییە.

### ١.٢ سەرچاوەکانی داهات[34]

لە سەرانسەری شوێنەکانی گەڕانەوە، خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەن کە تاڕادەیەکی زۆر پشت بە داهاتی فەرمانبەربوون لە کەرتی گشتی دەبەستن (٦٦٣,٢٩٨) خێزان لە (٨٢٪) یان. دووەم بەرزترین سەرچاوەی داهات بریتییە لە بازرگانیی نافەرمییەکان و کاری ڕۆژانەی پچرپچڕ (٤٩٢,٦٦٧) خێزان لە (٦١٪) یان، ئینجا ئەوانی دیکە پشت بە خانە نشینی دەبەستن بە (٣٦١,٥٠٧) خێزان لە (٤٤٪) یان. لەوکاتەی فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت (٣١٥,٣١٩) خێزان لە (٣٩٪) یان و ئەوانەی پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن بە (جووتیاری و ئاژەڵدارییەوە) بریتیین لە (٣١٥,٣١٦) خێزان لە (٣٩٪). هیچ جیاوازییەکیش لە نێوان ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ دا لەم دەرخەرەدا تۆمارنەکرا.

شێوەی ١٠: ژمارەی گەڕاوان بەپێی سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات لە شوێنەکانی گەڕانەوە[35]




دەتوانرێت گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە جۆرەکانی سەرچاوەکانی داهات بەدیبکرێت کە گەڕاوان دەڵێن پشتیان پێدەبەستن لە تەواوی هەشت پارێزگای گەڕانەوەدا. بۆ نموونە، ڕێژەی سەدی خێزانە گەڕاوەکان لەو ناوچانەی کە پشت بە کەرتی گشتی دەبەسترێت وەک سەرچاوەی داهات لە (٥١٪)وە لە پارێزگای هەولێر دەستپێدەکات بۆ لە (١٠٠٪) لە پارێزگای دهۆک دا[36]. تەنانەت دەتوانرێت بڵاوبوونەوەیەکی زیاتریش لە ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانە دا ببینرێت کە لەو شوێنانەدا دەژین کە سەرچاوەکانی داهاتیان بازرگانی نافەرمی و کارێکاری ڕۆژانەی پچرپچڕە هەر لەڕێژەی هیچ خێزانێکەوە لە دهۆک بۆ لە (٨٦٪) و (٨٩٪) لە هەریەک لە کەرکووک و دیالەدا.

لەوکاتەی هیچ خێزانێک لە بەغدا پشت بە خانەنشینی نابەستێت و نزیکەی دوو لەسەر سێی خێزانە گەڕاوەکانی هەولێر پشت خانەنشینی دەبەستن وەکو سەرچاوەی باوی داهات.

بەگشتی، لە پارێزگای نەینەوادا، کە زۆرترین زەرەرو زیانی بەرکەوت بەهۆی قەیرانی داعشەوە، تەنیا لە (١٨٪)ی خێزانە گەڕاوەکان لەو ناوچانەدا دەژین کە فەرمانبەربوونی کەرتی گشتی سەرچاوەیەکی باوی داهاتە، کە دەکاتە نزیکەی نیوەیان بە (٣٩٪).

٣٣ گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران (٢٠٢٠). ڕاسپارەدە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئاماری ئاوارەکان؟ بڕوانە: https://unstats.un.org/unsd/statcom/51st-session/documents/BG-item-3n-internationalrecommendations-on-IDP-statistics-E.pdf

٣٤ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی (DTM) گەڕەکانی (٥ و ٦) وەرگیراون. سەرەنجی ئەوە بدە کە بۆ سەرچاوەکانی داهات، زانیاریدەرە سەرەکییەکان دەیانتوانی زیاتر لە جۆرێک هەڵبژێرن، واتە مەرج نییە ئەنجامەکە لە ١٠٠٪ بێت. بڕوانە ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق (٢٠٢٠ و ٢٠٢١). هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ و ٦. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

٣٥ زانیاریدەرەکان دەیانتوانی تا سێ سەرچاوەی دارایی جیاوازیش هەڵبژێرن. هەربۆیە وەڵامەکان یەکسان نین بە لە ١٠٠٪.

٣٦ سەرەنجی ئەوە بدە کەتەنیا ژمارەیەکی کەمی خێزانە گەڕاوەکان کە (١٢٨)ن لە پارێزگای دهۆک-ن.

شێوەی ١١: خێزانە گەڕاوەکان بەپێی سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات لە شوێنەکانی گەڕانەوەیان، بەپێی پارێزگا[٣٧]


| | ئەنبار | بەغدا | دهۆک | دیالە | هەولێر | کەرکووک | نەینەوا | سەڵاح الدین | لەسەر ئاستی وڵات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارکردن (گشتی) | ٪٨٦ | ٪٥٢ | ٪١٠٠ | ٪٦٤ | ٪٥١ | ٪٧٠ | ٪٨٤ | ٪٨٤ | ٪٨٢ |
| بازرگانی نافەرمی و کاری ڕۆژانەی پچڕ پچڕ | ٪٣٩ | ٪٤٤ | ٪٠ | ٪٨٩ | ٪٧٩ | ٪٨٦ | ٪٧٢ | ٪٥٣ | ٪٦١ |
| خانەنشینی | ٪٤١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣٤ | ٪٦٤ | ٪٣٦ | ٪٥٠ | ٪٤٨ | ٪٤٤ |
| کارکردن (تایبەت) | ٪٧٢ | ٪٣١ | ٪١٠٠ | ٪٢١ | ٪٢٦ | ٪٤٢ | ٪١٨ | ٪٣١ | ٪٣٩ |
| کشتوکاڵ/ چاندان/ بەخێوکردنی ئاژەڵ | ٪٣٠ | ٪٨٣ | ٪١٠٠ | ٪٤٧ | ٪٣٨ | ٪٣٨ | ٪٤٠ | ٪٤٦ | ٪٣٩ |
| بزنس | ٪٢٦ | ٪٣١ | ٪٠ | ٪١٩ | ٪١٣ | ٪٢٤ | ٪٢١ | ٪٢٤ | ٪٢٣ |
| پێدانی هاوکاری ماددی بەکاش یان شێوە و فۆرمەکانی دیکەی هاوکاری ڕێکخراوەکان/حکومەت | ٪٠ | ٪٧ | ٪٠ | ٪١٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤ | ٪١ | ٪٣ |
| پاشەکەوت | ٪١ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٦ | ٪٢ |
| پارە وەرگرتن لە خێزان یان لە هاوڕێ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٤ | ٪٢ | ٪٢ |
| ئەو کرێیەی لە بەکرێدانی زەوی یان خانوو وەریدەگرێت | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٤ | ٪١ |

## ٢.٢ کاروچالاکی ئابوری[٣٨]

دەرخەرێکی دیکەی پەیوەست بە ناوچەکانی گەڕانەوە کە تیایاندا زۆربەی خێزانەکان لەڕووی ئابورییەوە چالاکن. لەسەر ئاستی وڵاتیشدا، لە هەردوو خێزانێکی گەڕاوە یەکێکیان لەو ناوچانەیە کە لەڕووی ئابورییەوە چالاکن (٤٠٤٠،٣٦٣) لە (٥٠٪). لەو ژمارەی کەمەی خێزانە گەڕاوەکانی دهۆک هیچیان لە ناوچەی واها دانین، لەوکاتەی (١٥٢،٠٩٩) خێزانی لە پارێزگای ئەنبار لە (٦٠٪) و (١٢٢،٠٠٨) خێزانی پارێزگای نەینەوا لە (٣٨٪) لە ناوچەی چالاکی ئابورین.

لە نێوان ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١، ڕێژەیەکی کەمی زیادکردنی ئەو خێزانە گەڕاوانە تۆمارکرا لە ناوچەی ئابوری چالاکن کە لە (٤٦٪ بۆ ٥٠٪) بوو. هەرچەندە، وەک لە خوارەوە نیشاندراوە، ئەو بەرزبوونەوانە تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی بەرزبوونەوە بوو لە دوو پارێزگای گەڕانەوەدا: بەغدا بە لە (١٢٪ بۆ ٢٩٪) و دیالە بە لە (١٦٪ بۆ ٢٧٪). ئەم بەرزبوونەوەی ڕێژە سەدیانەش بەشێکی کەمبووییەوە بەهۆی دابەزینی ڕێژەی گەڕاوان لە هەولێر بە لە (٩٣٪ بۆ ٥١٪)، ئەوەشمان لە دیاد بێت کە (١٠،١١٧) خێزان بۆ ئەو پارێزگایە گەڕاونەتەوە.

شێوەی ١٢: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی هەرە زۆریان لەڕووی ئابورییەوە چالاکن، بەپێی پارێزگا




٣٧ زانیاریدەرەکان دەیانتوانی تا سێ سەرچاوەی دارایی جیاوازیش هەڵبژێرن. هەربۆیە وەڵامەکان یەکسان نین بە لە ١٠٠٪.

٣٨ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشدا خراونەتەڕوو لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی (DTM) گەڕەکانی (٥ و ٦) وەرگیرون. بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢١). هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ و ٦. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

## ٣.٢ نەبوونی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ خۆراک و شوێنی حەوانەوە و پێویستییە بنەڕەتییەکانی دیکە[٣٩]

دوایەمین دەرخەر ئاماژە بەو حاڵەتانەی خێزانە گەڕاوەکان دەکات کە سەرچاوەی دارایی پێویستیان لەبەردەست نییە بۆ کڕینی خۆراک، شوێنی حەوانەوە و پێداویستییە بنەڕەتییەکان، ئەمەش دەبێتە بەربەستێک بۆ گەیشتن بە تێکەڵاوبوونەوەیەکی بەردەوام و شکۆدار. لەنێو هەموو خێزانە گەڕاوەکان دا، لە (٦٪) یان کە (٤٢,٨٩٥) خێزان دەکات لەو کۆمەڵگەیانە دا دەژین کە زیاتر لە (٤٠٪) یان دانیشتووی ئەو شوێنانەن کە ناتوانن پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان دابینبکەن. هەروەها (٢٧١,٤٤٤) خێزانی دیکە لە (٣٣٪) یان لەو ناوچانەن کە لەنێوان لە (١٠٪) یان بۆ لە (٤٠٪) یان ناتوانن پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان دابینبکەن، لەو کاتەی (٤٩٨,٣٥١) دیکەیان لە (٦١٪) لەو شوینانەن کە زۆر بە دەگمەن ڕووبەڕووی ئەو زەحمەتیە ئابوریە دەبنەوە.

وەک لەخوارەوە نیشاندراوە، بەرزترین ڕێژەی گەڕاوان لەو شوێنانەن زیاتر لە (٦٠٪) یان ناتوانن خۆراک، شوێنەی حەوانەوە و کەلوپەلە بنەڕەتییەکانیان بکڕن لە پارێزگای دیالە دا (١٠,٨٨٠) خێزان لە (٢٧٪). هەروەها ڕێژەیەکی بەرزی خێزانەکانیش لە کەرکووک (٢٧,٠٠٧) لە (٤١٪) یان و لە هەولێر (٣,٩٢٠) خێزان لە (٤٣٪) یان لەو شوێنانەی گەڕانەوەن کە تیایاندا خێزانەکان ناتوانن کەلوپەلە پێویست و سەرەکییەکانی خۆیان دابینبکەن. بەگشتی، سەرەڕای هەبوونی وێرانبوونی پیشەسازییە سەرەکییەکانی کەرتی گشتی وکەرتی تایبەت لە کاتی قەیرانی داعش دا، زۆربەی هەرەزۆری خێزانە گەڕاوەکانی پارێزگای نەینەوا لەو ناوچانە دا دەژین کە کەمیان (٦٧,٠٣٢) لە (٢١٪) یان زۆر کەمیان (١٣٣,٤٠٤) لە (٤٢٪) یان یان هیچیان (٩٣,٧٦٦) لە (٢٩٪) یان لەو کۆمەڵگەیانەن کە ناتوانن پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان دابینبکەن.

شێوەی ١٣: خێزانە گەڕاوەکانی شوێنەکان بەپێی ڕێژەی سەدیان لەو کۆمەڵگەیانەی کە توانای دارایی پێویستیان لەبەردەستە تا بتوانن پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان پێدابینبکەن، بەپێی پارێزگا.

| | بەغدا | دهۆک | دیالە | هەولێر | کەرکووک | نەینەوا | سەڵاح الدين | لەسەر ئاستی وڵات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هیچ (٠) | ٪٣١ | ٪٩ | ٪١٠٠ | ٪١٧ | ٪٨ | ٪١٥ | ٪٢٩ | ٪١٢ |
| زۆر کەم لە (٪١-٪١٠) | ٪٤١ | ٪٤٣ | ٪٠ | ٪٢٠ | ٪٢٨ | ٪٣٦ | ٪٤٢ | ٪١٦ |
| کەم (٪١١-٪٢٥) | ٪١٧ | ٪٢٧ | ٪٠ | ٪١٢ | ٪٢١ | ٪٢ | ٪٢١ | ٪٤٢ |
| هەندێک لە (٪٢٦-٤٠) | ٪٢ | ٪١٧ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٤٣ | ٪٤٦ | ٪٨ | ٪٢٨ |
| نزیکەی نیوەی لە (٪٤١-٪٦٠) | ٪٥ | ٪٣ | ٪٠ | ٪١٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| زۆربەی هەرەزۆری لە (٪٦١-٪١٠٠) | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |

٣٩ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو (گەڕی٦)ی (DTM) وەرگیراون. سەرەنجی ئەوە بدە کە ئەوپرسیارەی کە ئاراستەی زانیاریدەرەکان کرا دەربارەی ئەوەی کە ئایا خێزانەکان توانایان هەیە پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان دابینبکەن لەماوەی سێ مانگی بەر لە کۆکردنەوەی داتا، کە لە تەمموزی ٢٠٢١ بوو. بڕوانە: ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢١). هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ و ٦. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

# کۆتایی

لەماوەی قەیرانی داعش دا (٢٠١٤-٢٠١٧)، نزیکەی یەک ملیۆن خێزانی عێراقی ئاوارەبوون لە سەرانسەری ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوردا. لەنێوان نیسانی ٢٠١٤ و تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، لە (٨٠٪) ئەو خێزانانەی ئاوارەببوون گەڕانەوە زێدیان. کاتێک ئەو خێزانانە بە پرۆسەی تێکەڵاوبوونەوە دا تێدەپەڕن لە ناوچەکانی زێدیان، ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە دەبنەوە لە دەستگەیشتن بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری.

## پوختەی دەرئەنجامەکان

هەر وەک ئەم ڕاپۆرتە تیشکی خستووتە سەر، هاوتەریب لەگەڵ چوارچێوەی گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران (EGRIS) بۆ تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان، دەکرێت ئەم ئاڵنگاریانە پۆلێن بکرێن بە: ١. کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنە سەرکار و ٢. ئاسایشی ئابوری. پاشکۆی ١ شێوەکانی هەریەک لە دەرخەرەکان بۆ ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ نیشاندەدات. پوختەی دەرئەنجامە سەرەکییەکانی ئەم دوو پۆلە و هەیەکێک لە جۆر و پۆلە لاوەکییەکان بە تێروتەسەلی لەخوارەوە خراوەتەڕوو.

### کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنە سەرکار

- پاشماوەی ئەو کاولکاریە زۆرەی بەسەر ناوەندەکانی کاروچالاکییە بازرگانییەکانی وەک بازاڕ و ناوچە پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان دا هاتووە ئاڵنگاری زۆر بۆ خێزانە گەڕاوەکان دروستکردووە لە دووبارە دەستکەوتنەوەی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنە سەرکار.
- نزیکەی لە (٦٥٪) کۆی هەمووخێزانە گەڕاوەکان لەو ناوچانەن کە زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگە دەتوانن کار بدۆزنەوە.
  - خێزانە گەڕاوەکانی پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەو ناوچانەن کە ڕووبەڕووی نزمی ئاستی خستنە سەرکار دەبنەوە، بە لە (٦٨٪) و لە (٧٧٪) گەڕاوان لە هەر یەک لەم دوو پارێزگایە دا.
  - لەسەر ئاستی قەزاش دا، بەرزترین ڕێژەی خێزانە گەڕاوەکان لەو ناوچانەن کە ئاستی خستنە سەرکار تیایاندا نزمە لە ناوەندی قەزای موسڵی پارێزگای نەینەوان بە لە (٦٤٪) کۆی گەڕاوان. شیاوی باسە، بەلایەنی کەمەوە لە (٩٦٪) هەمووخێزانە گەڕاوەکانی قەزاکانی تەلەعفەر، شنگال، بەعاج لە نەینەوا و قەزای خانەقین لە دیالە ڕووبەڕووی ئەم ئاڵنگارییە دەبنەوە.
- ئەگەرنا، لەنێو تەواوی گەڕاوان لەسەرانسەری وڵات دا، لە (٧٩٪) شوێنەکان دەرفەتەکانی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئابوری پێویستی سەرەکین. ئەمەش وەکو ئاڵنگارییەکی زۆر گەورەتر باسی لێوەکرا لەوەی کە هەر تەنیا کێشەیەک بێت لە وەگەڕخستنەوە و بوژانەوەی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان لە (٤٩٪)، هەروەها تەندروستی و دەستگەیشتن بە کەرەستە و کەلوپەلی ناخۆراکی بە لە (٣٩٪).
  - بەهەمان شێوەی دەرخەری پێشوو، ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبنەوە، زۆربەیان لە پارێزگای نەینەوا و ئەنبارن بە لە (٨٥٪) و لە (٧٨٪) هەریەک لەم دوو پارێزگایە کە ڕووبەڕووی ئەم گرفتە دەبنەوە.
  - بەگشتی، دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنە سەرکار پێویستترین پێداویستی پارێزگاکانی گەڕانەوەیە. کەرکووک تاکە پارێزگایە لەمە بەدەرە، کە تیایدا ئاوی خواردنەوە سەرەکیترین پێویستییە.
  - هەروەها هەبوونی بزنسی وەستاو و کشتوکاڵی لەکار کەوتوو و بێ کاروچالاکی جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە و کێشەیەکی گەورەیە لە هەندێک پارێزگا دا.
  - لە (٣٩٪)ی کۆی هەموو خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەن کە لەدوای ڕاگەیاندنی شکستپێهێنانی داعش لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە ٢٠١٧ەوە، تەنیا هەندێک یان هەرهیچ یان بزنسێک لێ نەکراوەتەوە.
  - ئەو پارێزگایانەی گەڕانەوە کە پێویستیان بە کردنەوەی بزنسی بچووکە بریتین لە: سەلاح الدین، ئەنبار و نەینەوا هەریەکەیان بە لە (٥٦٪)، (٤٣٪) و (٢٨٪)ی ئەو خێزانەگەڕاوانەی کە لەو پارێزگایادا دەژین فشاری ئابوریان لەسەرە.
- لە شوێنە کشتوکاڵییەکان دا، کەمتر لە نیوەی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە هیچ یان هەندێک کاروچالاکییەکی کشتوکاڵی تێدایە کە هەر لە ئاستی سەردەمی پێش ٢٠١٤ دان. ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی کە کێشەی کشتوکاڵیان هەیە دەکەونە پارێزگای نەینەوا کە لە (٤٨٪) خێزانە گەڕاوەکانن، لەو ڕێژەیەش زۆربەیان هی قەزاکانی ناوەندی موسڵ بە لە (٥٠٪) و شنگال بە لە (٩٩٪)ن.

### ئاسایشی ئابوری

- بەگشتی، لە (٨٢٪)ی کۆی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەن کە هیچ سەرچاوەیەکی لە کەرتی گشتی وەک سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان نییە. دووەم بەرزترین ڕێژەی سەرچاوەی داهات بریتییە لە کرێکاری ڕۆژانەی پچڕپچڕ بە لە (٦١٪)، ئینجا خانەنشینی بە لە (٤٤٪). ڕێژەیەکی کەمتری خێزانە گەڕاوەکانیش لەو شوێنانە کە تارادەیەکی زۆر پشت بە خستنە سەرکار لە کەرتی تایبەت یان کشتوکاڵ دەبەستن بە چاندن و ئاژەڵداریشەوە لە (٣٨٪ بە هەردووکیان).

- هەرچەندە، لەڕووی جوگرافییەوە سەرچاوەکانی داهات لە یەکترییەوە جیاوازن. ڕێژەی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەی کە پشت بە داهات لە کەرتی گشتی دەبەستن لەپارێزگای هەولێر لە (٥١٪) و لە ئەنبار لە (٨٦٪)ە[٤٠]، لەوکاتەی لە ڕێژەی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەی کە کاروچالاکی بازرگانی نافەرمی یان کرێکاری ڕۆژانەی لێیە لە پارێزگای ئەنبار لە (٣٩٪) و لە دیالە لە (٨٩٪)ن[٤١].

• سەرەڕای ئەوەش، یەکێک لە هەردوو خێزانێکی گەڕاوە لە (٥٠٪) یان لەو گەڕەک و گوندانە دا دەژین کە ئاستی کاروچالاکییە ئابورییەکان تیایاندا بەرزە، ئەمەش واتە، لەو شوێنانە دا زۆربەی کۆمەڵگە لەڕووی ئابورییەوە چالاکە.

- پێچەوانەی زۆربەی دەرخەرەکانی دیکە، گۆڕانکاری لەسەر ئاستی کاروچالاکی ئابوری لە تەمموزی ٢٠٢١ دا تۆمارکرا: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەڕووی ئابورییەوە چالاکن زۆر بەرزبۆوە لە پارێزگاکانی بە غدا بە لە (١٢٪ بۆ ٢٩٪)، دیالە بە لە (١٦٪ بۆ ٢٧٪)، جگە لە هەولێر نزمبۆوە بە لە (٩٣٪ بۆ ٥١٪).

• لە کۆتاییدا، لە (٦٪)ی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانە کە زیاتر لە (٤٠٪)یان کۆمەڵگەکانیان سەرچاوەی دارایی پێویستیان نییە تا پێداویستییە بنەڕەتییەکانی وەک خۆراک و شوێنەی حەوانەی پێ دابینبکەن.

- لەپاڵ ئەمانەشدا، ڕێژەیەکی بەرزی خێزانە گەڕاوەکانی پارێزگای کەرکووک (٢٧,٠٠٧) لە (٤٦٪) یان و لە پارێزگای هەولێر (٣,٩٢٠) لە (٤٣٪) یان لە شوێنانەی گەڕاوانن کە تیایاندا خێزانەکان ناتوانن پێداویستییە سەرەکییەکانیان دابینبکەن.

## کەمترین گۆڕانکاری لە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری بەپێی تێپەڕبوونی کات

هەروەکو لەسەرانسەری ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە تێبینیکرا، دەکرێت سەرەنجی چەند گۆڕانکارییەکی کەمبدرێت لە تەواوی دەرخەرەکانی پەیوەست بە دەرفەتەکانی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری لە نێوان ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ دا. لە ڕاستیدا، زۆرترین بەرزبوونەوەی ڕێژەی سەدی لەو دەرخەرەدا تۆمارکرا کە پەیوەستە بە ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو کۆمەڵگەیانەدا دەژین کە لەڕووی ئابورییەوە چالاکن، کە لە نێوان (٤٦٪) لە ٢٠٢٠ دا بۆ لە (٥٠٪) بەرزبووەوە لە ٢٠٢١ دا. بڕوانە پاشکۆی ١ بۆ خستنەڕوویێکی گشتی ئاستەکانی گۆڕانکاری لە تەواوی عێراق دا لەم ماوەیەدا.

## ڕاسپاردەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی زانیارییەکان

وەکو لە تەواوی ئەم ڕاپۆرتە خراوەتەڕوو، ئالنگارییەکانی دەستگەیشتن بە کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری هەندێک لە بەرچاوترین بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوەی هەمیشەیی دەخاتەڕوو لە نێو خێزانە گەڕاوەکان لەسەرانسەری وڵات دا.

ئەم ڕاپۆرتە خستنەڕوویێکی تەواو و گشتگیری جۆرەکانی ئەو ئالنگاریانە خستە بەردەست کە گەڕاوەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری.

هاوتەریب لەگەڵ پێوەرەکانی چوارچێوەی گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران (EGRIS)ی بۆ تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان، ئەم ڕاپۆرتەش تەواوکەری ڕاپۆرتەکانی دیکەیە کە بەم دواییانە بڵاوکرانەوە لەسەر تێکەڵاوبوونەوە لە عێراق دا، هەروەها دوو پێوەری دیکە کە خانوو، زەوی و موڵکداری لەگەڵ سەلامەتی و ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ بەردەوام بەهێزکردنی بەڵگەی بنەمای تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان لە عێراق دا، ڕسپاردەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر دەکەین لەسەر ئەو بەربەستانەی کە گەڕاوان لە تێکەڵاوبوونەوەیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە. دەکرێت ئەمەش لەڕێگەی تێوژینەوە لە کێشە و گرفتەکانی دیکەی تێکەڵاوبوونەوە ئەنجامبدرێت، هاوتەریب لەگەڵ پێوەرەکانی دیکەی گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران (EGRIS)ی، بەتایبەتیش:

- قەرەبووکردنەوە و گێڕانەوەی موڵک
- بە دۆکیومێنتکردن

ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم پێوەرانەی گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران (EGRIS)ی، توێژینەوەکانی دیکەی پەیوەست بە تێکەڵاوبوونەوەی هەمیشەیی لە عێراق دا تەواودەکات. هەروەها، ئەنجامدانی توێژینەوە وادەکات کە شیکاری بەراوردکاری دەربارەی کەمدەرامەتان بکرێت لە نێوان گەڕاوان و ئەوانەی کە لەکاتی شەڕ و ململانێی داعش دا هەر لەو شوێنانە مابوونەوە و، لەگەڵ ئاواران و ئەوانەی لە کۆمەڵگە خانەخۆییەکانن لە شوێنی سێیەم دا. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە ئاگاداربوون لەکاتی دانانی ستراتیژیەتی چارەسەرە هەمیشەییەکان لە ساڵی پێنجەمی ڕاگەیاندنی شکستپێهێنانی داعش.

٤٠ سەرەنجی ئەوە بدە کە لە (١٠٠٪)ی خێزانە گەڕاوەکانی پارێزگای دهۆک لەو شوێنانەدا دەژین کە بەشێوەیەکی سەرەکی داهاتیان پشت بە کەرتی گشتی دەبەستێت. هەرچەندە تەنیا (١٢٨) خێزان گەڕاونەتەوە، ئەمەش نزمترین ژمارەی کۆی هەموو خێزانە گەڕاوەکانە لە سەرانسەری هەشت پارێزگای گەڕانەوە لە تەواوی عیراق دا.

٤١ هاوشێوەی ئەوەی سەرەوە، لە ٪٠ی خێزانە گەڕاوەکانی پارێزگای دهۆک لە شوێنانەدا دەدەژین کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە بازرگانی نافەرمی و کرێکاری ڕۆژانە دەبەستن. هەرچەندە تەنیا (١٢٨) خێزانْ بۆ ئەو پارێزگایە گەڕاونەتەوە.

# پاشکۆ

**خشتەی پوختە: دوو لە پێوەرەکانی چوارچێوەی کاری گروپی پسپۆڕانی ئاماری ئاواران و پەنابەران (EGRIS)ی تێکەڵابوونەوە-کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و ئاسایشی ئابوری، ٢٠٢٠ بەرانبەر ٢٠٢١.**

| پێوەری لاوەکی | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| **١.١ کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خستنە سەرکار** | | | |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنان دا دەژین کە تیایاندا کە هیچیان یان کەمتر لە نیوەیان دەتوانن کار بدۆزنەوە. | ٪٦٥ | ٪٦٥ | پێرستی گەڕانەوە ١١ و ١٤ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە تیایاندا دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن پێویستی سەرەکییە. | ٪٧١ | ٪٧٩ | هەهەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ و ٦ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی ئەو شوێنانەی کە هیچ یان هەندێک لە بزنسەکان لەکاردان. | ٪٣٩ | ٪٣٩ | پێرستی گەڕانەوە ١١ و ١٤ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی ئەو شوێنانەی کە تیایاندا هەندێک یان هیچ لە کاروچالاکییە کشتوکاڵییەکان و ئاژەڵدارییەکان هەن بەهەمان شێوەی کاتی پێش قەیرانی داعش ( وەکو کۆمەڵەیەکی بچووک لەو خێزانانەی کە لەناوچەی کشتوکاڵیدان). | ٪٤٦ | ٪٤٦ | پێرستی گەڕانەوە ١١ و ١٤ |
| **٢.١ ئاسایشی ئابوری** | | | |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین بەپێی سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتیان. | کارکردن لە کەرتی (گشتی) | | الجولتان ٥ و٦ للتقييم الموقعي المتكامل |
| | ٪٨٠ | ٪٨٠ | |
| | بازرگانی نافەرمی یان کرێکاری ڕۆژانە بە پچڕپچڕی | | |
| | ٪٥٤ | ٪٦١ | |
| | خانەنشینی | | |
| | ٪٤٦ | ٪٤٦ | |
| | کارکردن لە کەرتی (تایبەت) | | |
| | ٪٤٢ | ٪٣٩ | |
| | کشتوکاڵ/چاندن/ئاژەڵ بەخێوکردن | | |
| | ٪٤٠ | ٪٣٩ | |
| | کشتوکاڵ/چاندن/ئاژەڵ بەخێوکردن | | |
| | ٪٢٠ | ٪٢٣ | |
| | پارەوەرگرتن لە خێزان یان/و هاوڕێ | | |
| | ٪٤ | ٪٢ | |
| | پارەپێدان بەشێوەی بەکاش یان جۆرەکانی دیکەی هاوکاری لە ڕێکخراو یان حکومەت | | |
| | ٪٣ | ٪٣ | |
| | پارەی پاشەکەوتکراو | | |
| | ٪١ | ٪٢ | |
| | وەرگرتنی کرێی خانوو و زەوی | | |
| | ٪١ | ٪١ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی هەرەزۆریان لەڕووی ئابورییەوە چالاکن. | ٪٤٦ | ٪٥٠ | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ و ٦ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە لە ٪٤٠ سەرچاوەی دارایی پێویستیان بۆ خۆراک و شوێنی حەوانەوە و دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان نییە. | بەردەست نییە | ٪٦ | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٦ |

ئـەو دیدوبۆچوونانـەی لـەم ڕاپۆرتـەدا دەربـڕدراوە لەبنەڕەتـدا ڕەنگدانـەوەی ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کـۆچ (IOM) نیـن. دەستنیشـانکردن و خسـتنەڕووی کەرەستەکانی نـاو ئـەم ڕاپۆرتـە نـە بەمانای گەیاندن و دەربڕینـی هیـچ دیدوبۆچوونێکـی ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کـۆچ لەسـەر لایەنـی یاسـایی وڵات، هەرێـم، شـار و ناوچـە یـان هـی لایەنـی یاسایی دەسـەڵاتداران و کاربەدەسـتانی ئـەو شـوێنانە دێـت، نـە بەهـی لایەنـی جوگرافـی و سـنووری دێـت.


کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

@IOMIraq


COMPASS
توجيه الهجرة الآمنة

IOM
وكالة الأمم المتحدة للهجرة


© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٢



ئەو ڕاپۆرتە بە پاڵپشتی پرۆژەی (COMPASS) ئامادەکرا کە لەلایەن حکومەتی هۆڵەنداوە هاوکاری ماددیدەکرێت



نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.